بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**شەماڵ عادل سەلیم**

**داوا دەکەم هەرچی زووە ئەم دانیشتنەگاڵتەجارییانەی بەناودادگاییکردنی سەددام حوسێن و داروده ستەکەی بەتۆمەتی کۆکوژی کورد ڕابگیرێت .......**

هەروەک هەموولایەک دەزانین چەند دانیشتنێک لەدادگاییکردنی سەددام حوسێن بەتۆمەتی کۆ کوژی کورد بەڕێوەچووە و ئەوەی جێگای داخە لەیەکەم دانیشتنی ئەم دادگاییکردنە و تاکو ئەمرۆ هۆلی دادگا بۆتە هۆلی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن بە قوربانیان وباسوو خواسی شەڕی ئێران و عیراق و خوێندنەوەی خیتابی ئیرتیجالی ، بەڵێ هۆڵی دادگا بۆتە سەکۆیەک بۆ ڕاگەیاندنی فکری شۆفینی عرووبی بۆگەن ، وکێشە سەرەکیەکەش لەبیر کراوە ، کە کۆکوژی کوردە .................ئالێرادا توشمان بە تووشی لاوازی و بێ دەسەڵاتی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەبێت .....
ئایا هەڵەبجە و کۆمەڵکوژییەکانی تر شتگەلێکی وەهان تاکو مرۆڤ بتوانێت چاویان لێ بۆشێت ؟ ئەوەی سەددام حوسێن لە دژی کوردو کوردستانیان و کوردستان کردوویەتی ،لەزولم و زۆرو چەوساندنەوە و جینۆساید زیاتر شتێکی دیکە نییە ، دیاریکردن ، کۆکردنەوەو لەناوبردن ،جێبەجێکردنی ئەم سێ قۆناغە بەشێوەیەکی سیستەماتیک بووە ، بەپلانێکی داریژراوی دەوڵەت بووە ، هەڵقوڵاوی فکری شۆفینی و وەحشیگەریی بە عس بووە ، ئەودڕندە بەعسییانەی کەدەڵێن ((بێگانە ئەو کەسەیە ، کەهەست و نەستی وەکو هەست ونەستی ئێمە نەبێت ، باسەدشوناسنامەی عێراقیشی هە بێت و باووباپیرانیشی لەم خاکەدا نێژرابن )).....
بەرێزانم واخەریکە لەئەسلی مەبەستم دەردەچم کە دادگایکردنی تاوانبارانە ، بروا بکەن زامەکەمان هێندەقووڵن، برینەکەمان هێندە تەڕن بە هەزاردادگاییکردن سارێژ نابێت ، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی کە دەمگووت تەنها بەدادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی برینەکانمان سارێژ دەبێت ،بەڵام ئەمرۆ ئەوەم بۆ ڕوون بوەوە کە برینەکانمان قەت سارێژ نابن .......،

من وەک شایەدحاڵێکی ئەنفال و گازبارانی خەردەل وتابوون و سالین قوربانییەکی زیندووی ئەم کۆمەڵکوژییە داوادەکەم کە ئەم دادگاییکردنە بەزووترین کات بوەستێنرێت ، ئەمە گاڵتەجارییە ، تەنها بەناو دادگاییکردنە ، تاکو ئێستا باسی کێشەسەرەکیەکان نەکراوە،باسی ئەوەنەکراوەکە بۆچی سەددام حوسێن چەکی کیمیاوی لەدژی کوردان بەکارهێنا ، بۆچی خەلک ناچاردەکرا زێد و واری باب و باپیرانیان جێ بهێڵن و دەربەدەر بن ، بۆچی ئەم کۆمەڵکوژییە ، بەڵام ئەوەی باس کراوە تەنها شتگەڵێکن پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەبێت بە بەباسەسەرەکییەکەی ئێمە نەبووەو نی یە کە کۆمەڵکوژییە .........،

دەمەوێ پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم ، ئەوانەی کەمن دەخوازم ڕەخنەیان لێ بگرم لە ، ئەندام پەرلەمان و سەرکردەی حزب لایەنە سیاسیەکان و بگرە هەموو ئەوانەی کە ئەم وەحشیگەرییەی بەعسیەکانیان بینیوەو وەک من قوربانییەکی زیندوو وشایەدحالی کۆمەڵکوژییەکانن ، داخوا ئەم بەرێزانە ئەم گالتەجارِییەی بەناو دادگاییکردنە نابینن ؟، داخوا ئاگاداری وەرگێرانەکەن ؟، کێن ئەوانەی کاری تەرجەمە دەکەن ؟ ، کێ ئەم کارەی پێ راسپاردوون ؟، یان ئەم بەرێزانە کاتیان نی یەو سەرقاڵی کۆبونەوەکانیانن ؟، من دەمەوێ لەو بەرێزانە بپرسم ، باشە بەرێزان بۆچی ئەو چاوساغ و جاش و کۆنەمووستەشارو و سەرۆک مەفرەزەخاسەکان ، ئەوانەی کەمتریان نەکرد لە عەسکەرەکان و هێزەتایبەتیەکانی سەددام و لەهەرەشەو قسەی ناشیرن شتێکی دیکەیان لێ نەدەبیسترا ، ئەوانەی چاوساغی سەربازەکان بوون و لەپێش سەربازە غەزاکەرەکانی سەددام دەیانقیڕاند و دەیانگوت ، هەمووتان دەکوژین ئەی عوساتینە .........،بۆ ڕەوانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیان ناکەن ؟وەک شاهێدو تاوانبار ، دەبا ئەوان باسی ئەم کۆمەڵکوژییە بکەن ، ئەوانەی بڕیاریان لە عەلی و وەلییەکان وەرگرت و ئێستاکێش لەسێبەری هەردووحزبی دەسەڵات دار لەتەڕی دەخۆن و لەهیشکی دەنوون ، دەبا مووستەشارەکان ، چەکبەدەستەکانیان بێنە قسە و باسی کردەوە بەربادەکانی بەعسیەکان بکەن ، هەتاکەی نزاو تکایان بۆ دەکەن ، دەبا بزانین خۆیان چۆن باسی ئەوڕۆژانەمان بۆ دەکەن ........،

هەروها بەبڕوای من زۆر سودمەند دەبێت ئەگەر دادوەرەکانی مافی کەسی لەسەر کەفائەت و لێزانینیان دەست نیشان بکرێن ، نەک بەتەسکییەی حزب و موحاسەسە و حزب حزبانێ.......... چونکە ئەو کۆمەلکوژییەو قڕکردنە بەر هەموو شتێک ڕاستەوڕاست پێوەندی بە کورد و کوردستانیانەوە هەیە نەک بە حزب و حزبایەتی .

## وەڵامی پرسیاری 1 ، 2 ، 3

دەربارەی پرۆسەی دادگاییەکەو چۆنییەتی گوزەرانی و تەبابوونی لەگەڵ خواستی جەماوەر و سکاڵای زیان لێکەوتوان ، دەمەوێ بڵێم کە پرۆسەکە بە گەوجی لەدایک بووە و بۆیە وا

بەسەقەتی دەڕوا ، و چ نیازپاکییەکی تێدا بەدی ناکرێت و لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لادراوە و بەئاقارێکی تر دا دەڕوات کە لە بەرژەوەندی ئێمەدا نی یە ، سکاڵای ژن و پیرو پەککەوتە و قایم کردنی لاشەی هەزاران ژن و منالّ و پیر لەنێو چالاّندا و هەراج کردن و فرۆشتنی شۆخەکیژو کچۆلانمان و شێواندنی بیری ئەندامانیان و زیان گەیاندن بەلەش وتەگەرەخستنەبەر مندالّ بوونیان و بەزۆر ڕاگواستنیان لەوکۆمەڵە بۆ کۆمەڵێکی تر و شێواندنی کەلتوری نەتەوەیی و گەمارۆی ئابووری تێک شکاندنی ئاستی ئابووری نێوان شاروو دێهاتەکان چ بەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە ؟ کۆمەڵکووژی چ پەیوەندی بە مۆڵگەو سەربازگەو ژمارەی پێشمەرگەو جۆری چەک هەیە ؟،

بەڵێ دادوەر ئەلعامری ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەبەردەوام بوونی ئەم گاڵتەجارییە و هەر خۆیشی ئە وەی سەلماند کە دادوەرێکی سەرنەکەوتووەو لەئاستی بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسە گرنگەدا نییە ....، کاتی ڕووی دەمی ئاڕاستەی سەددام کردوو پێی گووت تۆ دیکتاتۆر نەبوویت...... !!، ئەوە سەرنەکەوتنە ، بۆدواوا گەڕانەوەیە ئەوە ڕێگەپێدان و ڕێگاخۆش کردنە بۆ بەردەوام بوونی ئەوگاڵتەجارییەی کە ناوی نراوە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ،. ئەمڕۆ لەعیراق ئەزمەی هەموو شتێکە لەسەرەوەی هەمووشیان ئەزمەی ئەخلاقە ، دیمۆکراسی وئازادی بیرورا یاساورێزگرتنی مافی مرۆڤ و سەربەخۆیی قەزا، لەگەڵ ئاژاوەو میلیشیاخوازی عەمامەو پێشلکردنی ماف وبەعسیزم نایەتەوە بۆیە پڕ بە قورگم هاوار دەکەم و بە سە رانی کورد دەڵێم تا کەتنەگەورەو زەبەلاحەکە نەکراوە هۆشیار بنەوە .....، مەبنە شەریکی بێدەنگەکان ، بەسە ، تائیرە و بەس ، کەی فام دەکەن کەئێوە لەنێو هەڵەو چەوتییەکی زەبەللاح دان ، ئاخۆ فام دەکەن یا نا ؟ هەتا کەی لەو دووڕییانە سەخت و ناسکەدا بێدەنگ دەوەستن و لەئاستی کوشتنی مەسەلەی کورد چاوپۆشی دەکەن ؟ هەتاکەی پێمان ناڵێن ؟

لە دوای بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکەمی دادگاییکردنی سەددام وداروودەستەکەی بەتۆمەتی کۆکوژی کورد ، من چەند نامەیەکم بۆ ڕێزدار ( د . مونزر ئەلفەزڵ ) ناردو کە تییایدا داوام لەبەرێزیان کرد وەک ڕاوێژکارێکی یاسایی و دۆستێکی دڵسۆزی کورد ڕۆڵی خۆی ببینێت لە پرۆسەی دادگاییەکە و هەوڵی چاککردنی لایەنە لاوازەکانیشی بدات و هەرنەبێ کەموکوڕی و خالەلاوازەکانی خۆمان وەک کورد چارەسەربکەین ، بەرێزی لەمن نیگەرانتر بوو ، لەمن خەفەت بار تربوو ، بەڵێنی دا کەکاری جدی بکات وهەوڵی بێ پایانیش بدات بۆ چارەسەرکردنی هەڵەو کەمووکوڕیەکان و بەڵێنیشی دا هەرچی توانای هەیە و هەرچییەکی پێ دەکرێت دەیکات درێغی ناکات ، چونکە بەرای بەڕێزیشیان کێشەکە بەرەو قووڵبوون دەچێت و پرۆسەکە دژی خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتوانە.............بۆیە دەبێت بەزووترین کات چارەسەربکرێت !!

( وەڵامی پرسیاری چوارەم )

دەربارەی گرنگی بریاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد لەوەدایە کە بەپێی پەیماننامەی ساڵی 1948 دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید کە عێراق واژووی لەسەر کردووە، ئەنفال وەک تاوانی نێونەتەوەیی دیاری دەکرێ و شتێکی ئاشکرایە کە جینۆسایدیش خۆی لەخۆیدا مەترسییە لەسەر سەرجەمی مرۆڤایەتی و هەڕەشە لە ئەمن و ئاشتی نێودەوڵەتی دەکات ، بۆیە دەبێ بکرێتە زەمینەی یاسایی 1 ـ بۆ قەدەغەکردن و ریشە کێشکردنی بەعسیزم کە هەڵگری پەیامی جینۆسایدە ،وەک فکری نازییەت و پاککردنەوەی عێراق لەو هزرە تیرۆریستییە 2 ـ دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانە بۆ کێشەی کورد نەک تەنها لەباشوور بەلکو لەبەشەکانی داگیرکراوی تریشدا 3 ـ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بەشێوەیەکی گشتی ........

لەکۆتایی دا دەڵێم خوانەخواستە گەر ئەم تاوانە گەورانە ، ئەم کۆمەڵکوژییە ، ئەم کورد قڕانە لەم دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بەجینۆساید نەناسرا ، خەتای کێ یەو کێ لێی بەرپرسە ؟ کێ لەم خۆئامادەنەکردنە بەرپرسە؟

جارێ تەواو
شەماڵ عادیل سەلیم
وڵاتی ڤیکینگە شیروەشێنەکان